بەئامادەبوونی قوباد تالەبانی وەزیری پێشمەرگە گەیاندوو بە ئەرکەکەی

بەئامادەبوونی قوباد تالەبانی جێگری سەرۆك وەزیران، شەش ئیسماعیل گەیاندوو بە ئەرکەکەی وەك وەزیری پێشمەرگە. نوسینگەی راگەیاندنی جێگری سەرۆك وەزیران رایگەیاند"بەبۆنەی گەیاندنووی، شەش ئیسماعیل وەزیری پێشمەرگە، لە کۆبوونەوەیەکدا کە ئەمڕۆ یەکشەممە، لە دیوانی وەزارەت، بە ئامادەبوونی بریکاری وەزیر و سەرۆکی دەستەی ئەرکان و ئەمینداری گشتی و ژمارەیەك لە ئەفسەرانی پلەبالای وەزارەت بەڕێوچوو، قوباد تالەبانی جەختی کردەوە کە دەبێت گەلێی و ناکۆکییەکان وەلابنرێن و پێکەوە وەك یەك تیم کار بکەن". وتیشی: "ئاسایی ناکۆکی هەبێت لێنوان لایەنە سیاسییەکان بەڵام بەهیچ شێوەیەك نابێت ئەو ناکۆکییانە لێناو وەزارەت رەنگ بداتەوە، ئەفسەران و پلەباڵاکانی وەزارەت دەبێت وەك یەك تیم بە شێوەیەکی پیشەیانە پێکەوە کاربکەن". جێگری سەرۆك وەزیران ئاماژەی بە گرنگیی جێبەجێکردنی خاڵەکانی پڕۆسەی چاکسازی و ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی کرد، و رایگەیاند: "هاوکاری و هەماهەنگی هاوپەیمانان بەرز دەنرخێنین و بە لەمەولا نابێت پرۆسەی چاکسازی بە خاوی و لاوازی بەڕێوەبچێت". داواشیکرد ئەفسەران و پلەباڵاکانی وەزارەت بە روحی هەست کردن بە ئەرکی نیشتمانی کار بکەن لەپێناو جێبەجێ کردنی هەموو خاڵەکانی چاکسازی. دواتر شەش ئیسماعیل وەزیری پێشمەرگە، ئاماژەی بۆدا کە پێویستی بە پشتیوانی هەموو لایەکە لەپێناو سەرخستنی کاروباری

وەزارەت دوور لە ململانێی سیاسی، وتیشی: "کاری وەزارەت و هەڵکانی پشمەرگە پیرۆز و دەبێت لەکتەگۆیشتنمان هەبێت بۆ باشتر بەجێگەیاندنی ئەرکەکانمان". جەختی لەوەش کردەوە کە لە قۆناغی داهاتوودا کاری باشتر دەکرێت وەکو یەك تیم.